# چاوەڕوانم

كاوەی خەسرەو كاوانی



ئالەو رۆژەی وەكو كارمامزی
سەرشێتی جەنگەڵ چڕا
بڕیارت دا جێ ی بهێڵی ئەم هەوارە ,
رۆحم بەدوای تۆدا وێڵەو
دڵم ئۆرفەت بە هیچ ناگرێ
ژینم سەرپا ئازارە .

★ ★ ★

شەوان دەڵێم
لەگەڵ سپێدە دێیتەوەو
زەنگی تەلەفۆن لێ دەدا ,
كەلێت نەدا دەڵێم دیارە
پێش زەردەپەڕ
موژدەی هاتنەوەم پێ دەدا .

★ ★ ★

نا ئومێد نیم لەهاتنەوەت
هەرچەند زۆرجار نا ئومێدی
خەریكە كە راوم بكا ,
ئەودەزانێ تۆ رووناكی چاوەكانمی
بۆیەدێت و دەیەوێ بێ چاوم بكا.

★ ★ ★

من نەساڵێك و دەساڵی تەمەن
سەراپای تەمەن بۆت چاوەڕوانم
گەر تەمەنێكی تریشم هەبێ
هەمووی بەدیاری
لەرێ ی هاتنەوەی تۆوە دەڕوانم.